# شێخ مەحمود و"نوخبەی" ئیمڕۆ!

سەلام عەبدوڵا

پێش ماوەیەك، بەرپرسی حزبە كوردستانییەكان و نوخبەی"ڕۆشنبیر"بە دەوری پەیگەرەكەی شێخ مەحمود(ئەسپ سوارێك و ئاڵای كوردستانی بەدەستیەوە بەرزكراوە) كۆبوونەوەو چەندین وتارو شیعریان بۆ وت و هەڵدا.

ئەم بۆنەیە منی برد بەرەو ناوەڕاستی هەفتاكان و بەبیرم دێ، جاران بۆ من وەك گەنجێكی خوێن گەرم و تا سەر ئێسقان كۆمونیست، شوێنێك وەك دەربەند بازیان، ئەفسووناوی بوو. كاتێ ئۆتۆمبیلەكە لێی نزیك دەبووەوە، چاوم بەعیشقەوە بۆ بینینی بەردە قارەمان دەگەڕا، چونكە هەموو كوردستان، بەردە قارەمان بوو و هەموو كوردستانیانیش شێخ مەحمود. چەندین جار موچڕك بە لەشمدا دەهات یان لە سۆزەوە چاوم پڕ فرمێسك دەبوو و لەشەرمەوە زوو دەمسڕییەوەو لەوانەش خراپتر قوڕكم دەنووسا. زۆر شانازیم بە هاوڵاتییەك وەك شێخ مەحمود دەكرد، لەو سەردەمە رابەرایەتی گەلە ستەمدیدەكەمی كردووەو لەبەرەی ئەنتی كۆڵۆنیالیزم راوەستاوە؛ لە پاڵ بەردێك، بەری بە لەشكرو دەبابەی دەوڵەتێكی دیموكراتی، مەدەنی و سیكولار وەك بەریتانیا گرتووە كە بە بڕیارێكی دیموكراسی ناو پەرلەمانەكەیانەوە، لەشكرەكەیان بۆ داگیركردنی كوردستان تەشریفی هێنابوو.

بەڵام پاش ئەو ساڵانە، وێنەو ناوی(شێخ/مەلیك مەحمود)م لەبەرچاو كەوت، چونكە بۆم دەركەوت، كاتێ دەسەڵاتی ئەو كابرا نیشتمانپەروەرە نەختێ پێی گرتووەو توانیویەتی فەرمان دەربكات و پیاوەكانی بۆیان جێبەجێ كردووە، زەوی جووتیارە هەژارەكانی ئاوایی نەفتی، زڕگوێزو ئەوانی تری زەوتكردووە. ئەم ناڕەوایەتییە، نە لەو سەردەمە و نە ئێستا، هیچ پاساوێك قبووڵ ناكات.

ئەگەر بە ویژدانەوەو دوور لە پەردەپۆشكردنی راستییەكان، پێناسەی شێخ مەحمود بكەین، ئەوا دەتوانین پێی بڵێین كەسایەتییەكی نیشتیمانپەروەری گەندەڵ بووە. منیش چەندە شانازی بە بەرگرێكەی لە دژی ئەنگلیزە كەرەوات لەبەرە"بەڕێزەكان"دەكرد، ئێستا هەر ئەوەندەش، لەبەر جەردەكارییەكانی، نەفرەتی لێ دەكەم. بە كوردی و بە كورتییەكەی: ئیمڕۆ یان سبەی"حەزرەتی ملووكانە"ی شێخ مەحمود لەسەر ئەسپەكە دابگرێت و كەسایەتییەك شوێنی بگرێ، جەردەكاری نەكردبێ، بەڵام (تەوفیق وەهبی)یش ئەو شوێنە نەگرێ(ئەمیش ئەفسەری سوپای عوسمانی و یەكێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی سەربازی عیراق بووەو بە ئیرادەی شاهانە كراوە بە عەقید...و زۆر شتی تریش)؛ كەسایەتییەك بێت بەم سیفەتاتە(داكۆكار لە ماف و ژیانێكی شایستە بۆ هەژاران، دڵسۆزی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی و جێگای شانازی زۆربەی كوردستانیان بێت(ئێمەش نموونەی پۆشكین، سابات، بۆلیڤار)مان هەیە، بۆ نموونە(بێكەس، دڵدارو بێجگە لەوانە، دەكرێ جلوبەرگی شڕی ئەنفالكراوێكی گەرمیان بكرێت بە سمبۆلی كوردستانیان!

لەو كاتەوە كە پەیگەرە لەبیركراوەكەی(شێخ مەحمود) پەردەی لەسەر هەڵماڵی، زۆر بەهێمنی بیری لێدەكەمەوەو بۆم دەركەوت كە دەسەڵاتداران و نوخبە ڕۆشنبیرەكەیان، سیمبۆلێكیان هەڵبژاردووە دەقاودەق دەربڕی دەسەڵاتی

نیشتمانپەروەرانی جەردەو گەندەڵ دەکات، لەگەل جیاوازییەك(شێخ لە دژی ئەنگلیز خەباتی دەکردو دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆ پێیان دەڵێن خزمانی لەندەن).

ئاخر ئێمە چون سمبۆلێك قبووڵ بکەین، جەردەیی کردبێ، با ئەو کەسەیش نیشتیمانپەروەر بێت؟!. چیبکەین بە دەسەڵاتێکی نیشتیمانپەروەر لەسایەیدا بەشێکی کەم لەناو تەلار ژیان بەسەر ببەن و زۆرینە لەناو گەوڕ یان بە کرێچی نیشتەجێ ببن وبە هۆی بازاڕێکی نامرۆڤانەو کەرامەت شکێن کە بە زۆرداری بەسەریان سەپاوە، بە 2- 3 مووچەش نەتوانن بژێویان دابین بکەن؟!. بەرپرسەکان گەرچی زوو زوو"مەرگی مارکسیزم- رادەگەیەنن- لەبەر زیرەکییان، لەبیریان دەچێت کە سۆسیال-دیموکراتیش لە رووباری مەزنی مارکسیزم ئاودەخۆنەوەو خۆیان بە مارکسی عەیار24دەزانن-، بەڵام ئەو مەقاماتە بەڕێزانە سۆسیالیزمیان بۆ خۆیان دابین کردووە و دیموکراسیان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، بۆیە منیش دەتوانم لە سایەیداو بەبێ ئەوەی کەس چاوم لێ زەق بکا یان بترسم، ئەم"سەگەوەڕییە"دەکەم!

ئایا ئەم بۆچوونە دەبێتە مایەی بەرزکردنی رەمزێکی مرۆیی

سەلام عەبدوڵا

بۆ پەیوەندیکردن:07701929872